هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: ٣٤٤

No:

ڕێکەوت: ٣/٣/ ٢٠١٦ ی زایینی

٢٧١٥/ ی کوردی

Date:

نهێنی دەرکرا

فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە بڕگەی (٣/تەوەری دووەم/ کاروباری قوتابیان و خوێندکاران) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٢) ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٢/٢٢) ئەنجامدرابوو. سەبارەت بەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە بۆ بەشە پزیشکی ﺀ ئەندازیاریەکان دەچنە دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی خوێندنی بەکالۆریۆس، هەروەها ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی تایبەت بەم بابەتە، بڕیار درا بە:

یەکەم: دانانی مەرجی کۆنمرە بەم شێوەیە:

١. بۆ خوێندنی بەشی پزیشکی گشتی کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار لە (85%) کەمتر نەبێت.
٢. بۆ خوێندنی بەشی پزیشکی ددان و دەرمانسازی کۆنمرەی قوتابی/خوێندکار لە (80%) کەمتر نەبێت.
٣. بۆ خوێندنی بەشەکانی ئەندازیاری کۆنمرەی لە (75%) کەمتر نەبێت.

دووەم: پێویستە هەموو قوتابی/ خوێندکارێک پێش چوونە دەرەوەی فایل لە وەزارەتەکەمان بکاتەوە.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی تایبەتمەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەمینداری ئەنجومەنی وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.